# شیعری شێرکۆ بێکەس
# مۆدێرن یان جاهیلی

**هەوراز عەلی**
Hawraz2003@maktoob.com

ئەو دەنگەی کە ئەمڕۆ لە شیعری کوردی دا و پتر لە هەرکەسێك بە مۆدێرن و داهێنەر ناسێنراوە "شێرکۆ بێکەس"ە.لە مەشیاندا حیزب رۆڵی هەبووە و توانیویەتی تا ئەندازەیەك بەرزی کاتەوە کە تێکستە شیعرییەکانی بەرامبەری تێکستە ئاینییەکان کراوەتەوە، بە چەشنێك کە کەس نەتوانێت رەخنەی لێگرێت.جا ئەگەر هەر سووریش بیت لەسەر رەخنەگرتن لێی و نەتوانیت ئەو هەڵە و کەموکورتیانەی بشاریتەوە ئەوا بۆ بەیانی دەیان"جاش نوسەر"و "جاش رۆشنبیر"دەکەونە پلار تێگرتنت و شتی وات بۆ هەڵدەواسن دەردی شێخ رەزا دەڵێت"لەخۆی نەگرێت قاموس".

گومانی تیا نییە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی بەتوانایە و پارچەگەلی جوانی هەس کە بە نەمری لە یادی شیعر و ئەدەب دۆستان دا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پارچە و شیعری ئەوتۆیمان"بە تایبەت شیعرەکانی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییە" پێشچاودەکەوێت کە بەڕاستی پیاو  گومان دەکات و دوو شت دەرەنجام دەستدەخات، یان ئەوەیە شێرکۆ بێکەس پێی نەماوە و چیتر ناتوانێت شاعیر بێت ، وەیان ئەوەتا کە ئەویش چەشنی برادەرانی لە مەنسولەکان لە لایەکی ترەوە شانیان پیاکردووە و هەر بۆ مەدح و سەنا  لە خۆڕا کراوە بە سیمبول و لە رادەبەدەر گەورەکراوەتەوە.

ئەوەی ئاگەداری شیعرەکانی ئەم دوو سێ ساڵەی شێرکۆ بێت دەزانێت کە بابەتێکی ئەوتۆی نەماوە قسەی لەسەر بکات بۆیە ئێستا دەستی کردووە بە شیعر هۆندنەوە بەسەر کوژرا و مردوان دا"کە خۆی نازناوی شەهیدیان دەخاتە پاڵ" کە ئەمەش پتر شیعر تاشینە نەك درووستکردن، چونکە کاتێك دەبینین شاعیرێك بۆنەی مردنی کوڕە مەسئول و کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی کۆن، ئەندامێکی سەرکردایەتی وچەند کوژراوێکی شەڕی ناوخۆ دەکاتە تەوەری شیعرەکانی و لایەك لەو هەزاران گرفت و ناڵینەی ئەو خەڵکە رەشوروتە ناکاتەوە کە ینك و پدك بەقەد بەعس چەوساندویانەتەوە، ئەوا بەڕاستی مرۆ گومان دەکات لە

مۆدرێنێتی و شاعیرێتی و تەنانەت پاکێتی ئەو کەسەش. شێرکۆ هەزاران ساڵ دەگەرێتە دواوە و وەکو شاعیرانی عەسری جاهیلی عەرەب شیعر بەسەر ئەم و ئەودا هەڵدەدات، وایلێهاتووە کۆڕێکی ماتەمینی نەماوە و ئەو تیایە فوو بە مایك دا نەکات، ئەوە باسی شاشەی تیڤییەکان هەرمەکە کە بەشێکی بۆنەکان بە شیعری ئەو "دەڕازێنرێتەوە". شاعیرانی جاهیلی و میربەدەکانی عەسری ئیسلامی پشتیان لەو گەلە کردبوو و ئەوەیان دەوت کە میر و ئاغایان پێیان خۆش بوو، ئەوەتا دوای ئەو هەموو ساڵە کەسێك لە کوردستانەوە سەرهەڵدەدات و هەمان بەزم دووبارە دەکاتەوە و شەیەك ناڵێت ئاغایانی خۆی"نەك ئەوانەی ئەو دیو"پێیان ناخۆشبێت، لەولاشەوە میللەتێك کەوتووە کە پرایپڕ ژیانی ناخۆشی و کەموکورتییە، ئەو ژنە ئەنفالانەی کە لە رۆمانە شیعرییەکەی دا"گۆڕستلانی چراکان"باسی ئەتك کردنیان دەکات لەلایەن بەعسەوە، ئەوڕۆ لەسەر دەستی میر و ئاغایانی وی و ئەمسالی وەك وی هەمدیس ئەتك دەکرێن.

دوو جۆر شاعیرم دیتووە، یان ئەوەی چووەتە بەرەی گەلەوە و شەیەکی نەوتووە کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا وێکنەیەتەوە، وەیان بەرەی میر و ئاغایانی هەڵبژاردووە و مۆمی شیعرەکانی هەموو لە ستایش دا تواندووەتەوە، ئەوەی کە لە شێرکۆ تێبینی دەکرێت جۆری دووەمە، ئەو کە پێشتر باسی لە ئازادی و ئازاری کورد دەکرد لە گۆشەنیگای حیزب و ئاغاکانییەوە دەدوا، "گەرچی ئەوکات لەگەڵ گەلدا دەهاتەوە "ئەمڕۆش دەبینین کە هەر بەوان دەپەیڤێت و شتێك ناڵێت ئاغایان پێیان ناخۆش بێ، جگە لە ستایشە شیعرییەکانی کە بەقەدەر هەموو شیعرەکانی دیکەی دەبێت، لەسەرووبەندی ئازاد بوونی عێراق دا بە مەرسومێکی حیزبی هەڵەبجەی شاری زام و خوێن رەوانەی بەغدای کۆشکی میر و جەلادان کرد.

ئەرە برادەران تازەگەری ئاوایە؟!دەبێت شاعیری تازەگەر هاوکێشەکان پێچەوانەکاتەوە، یانی لەبری وتن بۆ میللەت و بەگژاچونەوەی دز و جەلاد و خۆ و خاك فرۆشان ، پێچەوانەکەی بکات؟؟!!

میسرییەکان جوانیان گوتووە کە دەڵێن"عشنا و شفنا"